

# هاردیسکێکی دژە تەڕبوون و خۆراگر لە ئاست پێکەوتن

لەم ڕۆژانەدا ئامێری دیجیتالی سەرنج ڕاکێش و بەتایبەتمەندی و توانای زۆرەوە بەرهەم دێن، بێگومان لەنێو ئەوانەشدا ئەو ئامێرانەی کە لەئاست فشار و زەربەدا خۆڕاگرن و بەتەڕبوون و کەوتنە ناو ئاو تێکناچن لایەنگری زیاتریان هەیە، وەك کامێرا، ئامێرەکانی بڵاوکردنەوەی فیلم و دەنگ، مۆبایل، لاپتۆپ و هاردی پۆرتێبڵ.. دوایین هاردی کۆمپانیای ADATA هاردێکی دژە تەڕبوونە بەناوی HD710 کە قەوارەی هەڵگرتنی داتاکان لەو هاردەدا 750 گیگابایتە. هاردەکە 1 ئینجە و لەگەڵ گشت سیستەمەکانی کۆمپیوتەر چ ویندۆز و چ ماك دەگونجێت. بەهۆی کێبڵی USB 3.0 لەکۆمپیوتەر پێوەند دەدرێت. خێرایی وەرگرتن لەم هاردەدا زیاتر لە6 میگابایت لەچرکەیەکدایە. خێرایی بەڕێکردنیشی 2 گیگابایت لەچرکەیەکدایە.



## سکاینەرێکی پۆرتێبڵی هۆشمەند

فۆجستیۆ کە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنەری ئامێری دیجیتالییە و زۆرتر بە بەرهەمهێنەری کامێرای دیجیتالی ناسراوە، لەم دواییەدا سکاینەرێکی پۆرتێبڵی بەرهەم هێناوە بەناوی scanSnap s1300i کە خێراییەکی باشی هەیە لەسکانکردندا، دەتوانێت فایلە سکانکراوەکان لەخۆیدا خەزن بکات و بۆ مۆبایلە هۆشمەندەکانیشی بەڕێ بکات. هەروەها سکاینەرەکە لەگەڵ ئینتەرنێت پێوەند دەدرێ و ئەو سایتانەی کە هاردی مەجازی بۆ بەشداربووانیان دابین دەکەن دەتوانن فایلی سکانکراوی ئەم سکاینەرە وەربگرن. سکاینەرەکە کێشێکی کەمی هەیە و بەکارهێنەرانی مۆبایلە هۆشمەندەکان بەهۆی پرۆگرامێك بەناوی ScanSnap connect گشت فایلە سکانکراوەکان بۆ تەبلێت و مۆبایلەکانی دیکە بەڕێ بکەن. سکاینەرەکە دوو لاپەڕە لەخولەکێکدا چاپ دەکات.



فەیسبووك وەك گەورەترین تۆڕی کۆمەڵایەتی لەجیهانی ئینتەرنێتدا ڕۆژبەڕۆژ بەشداربووانی ڕوو لەزیاد بوون دەکەن بەجۆرێك کە کەم کەس هەیە خاوەنی ئەکاونتێك نەبێت لە فەیسبووکدا. کۆمپانیای فەیسبووکیش هەوڵ دەدات خزمەتگوزارییەکانی زیاتر بکات و ئیمکاناتی نوێتر بۆ بەشداربووانی بڕەخسێنێ، لەم دواییەدا دوو خزمەتگوزاری نوێ لەفەیسبووکدا زیادبوونە.

یەکەم: هەر بەشداربوویەك دەتوانێت دوای ئەوەی کە بۆچوونێکی لەسەر شتێك وێنەیەك یان بابەتێك نووسی، دوای



# هاردیسکێکی وایەرلەیسی تایبەت بە نیتۆرک

هاردیسکێك واتە مەخزەن یا کۆگای داگرتنی داتاکان لەجیهانی دیجیتالدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا هاردیسکی پۆرتێبڵ کە بەهاردیسکی خارجی ناسراوە، بۆ هەڵگرتن و ئەرشیفکردنی داتا دیجیتالییەکان بەتەواوی شوێنی DVDی گرتۆتەوە، چونکە هەم تێکچوونی هارد کەمە و هەم قەوارەی داکردنی داتاکان لەهارددا بە بەراورد بەDVD گەلێك زۆرە.

کۆمپانیای Seagate لەم ماوەیەدا هاردیسکێکی نوێی بەناوی goFlex Home بەرهەم هێناوە کە دەتوانێت توانای پێویست بۆ خەزنکردنی داتاکانی سیستەمەکانی کۆمپیوتەر پێکەوە لەتۆڕێکدا پێك بێنێ. ئەم هاردە بۆ ئیدارە و نووسینگەکان کە دەیانەوێت لەیەك هارد بۆ گشت کۆمپیوتەرەکان سوود وەربگرن گەلێك سوودمەندە.

هاردیسکی ناوبراو لەڕێگای Ethernet بەڕۆتێری تۆڕی مەجازی پێوەند دەدرێت و ئەو هەلە بۆ گشت کۆمپیوتەرەکانی سیستەمی ماکینتۆش و ویندۆز دەڕەخسێنێ تا لەگەڵ ئەوەی کە تۆڕێکی مەجازی لەنێوان کۆمپیوتەرەکان دروست دەکات، دەتوانن داتاکانی خەزنکراوی سەر هاردیسکەکە ببینن.

# ــــــوزارییەکی نوێ لە فەیسبووکدا



ئەوەی کە بۆچوونەکەشـــی بڵاوکـــردەوە، دەتوانێت گۆڕانکاری لەبۆچوونەکەی خۆیدا بکات. بەئەکتیڤبوونی ئەو تایبەتمەندییە لەفەیسبووکدا کاتێك هێمای (✕) لەسەرووی فەرمانی ( co-ment) دادەگری دوو فەرمانی "سڕینەوە" یا "دەستکاری کردن" نیشـــان دەدرێت. جگە لەوەش تایبەتمەندییەکی دیکە ئەوەیە کە کاتێـــك کۆمێنتێك دەســـتکاری دەکەی، کۆمێنتەکەی پێشـــوو دەکرێت نەسڕێتەوە، لەپەنای یەکەمین کۆمێنت فەرمانی Edited واتە دەستکاری کراو نیشان دەدرێت.



## کامێرای دیجیتاڵی پلۆراید

ئەگەر بەچاوی کامێرای زەمەن لەســاڵانی حەفتا و هەشـــتاکان و تەنانەت ســەرەتای نەوەدەکانیش بڕوانین، کامێرای پلۆرایـــد گرنگییەکی زۆری هەبوو، ئــەو کامێرایەی کە هەر ئەوکات وێنەکەی دەدایە و هیچ پێویســتی بەتاقیگە و لابراتواری نەبوو.

لــەم ماوەیەدا کامێرای نوێی پلۆراید، بــەڵام دیجیتالییەکەی کەوتۆتە بازاڕ، ئەویـــش وەك کامێراکانی ڕابردوو پێویســـت ناکات میمـــۆری کامێراکە بەری بۆ تاقیگە، بەڵکو کامێراکە خۆی وێنەکەت دەداتەوە.

کامێرای جۆری Polaroid Z2300 پرینتەرێکی بچووکە کە لەتەکنۆلۆژیای İnkless Zink بۆ چاپکردنی وێنەکان سوود وەردەگرێت. وێنەکان بەقەوارەی 3 ئینج چاپ دەکات.

کامێرای ناوبراو خاوەنی سینسۆری 10 میگاپیکسلەو شاشەیەکی LCD بۆ نیشاندان لەپشت کامێراکەیە، بەڵام نرخی ئەو کاغەزەی کە وێنەکەی لەسەر چاپ دەکرێت تا ڕادەیەك گرانە، چونکە بۆ هەر وێنەیەك نیو دۆلاری تێدەچێت.

## گەر نەیخوێنیەوە دەسڕدرێتەوە!

"بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە تەنیا دوو مانگ کاتت هەیە" ئەمە دروشمی دەزگایەکی چاپکردنی کتێبە لەئەرژەنتین، ئەم دەزگایە نوێیەی وەشانی کتێب، کتێبەکانی بەحیبرێکی نوێ چاپ کردووە کە پاش کردنەوەی کتێبەکە تەنیا دوو مانـــگ کاتت هەیە بیخوێنیەوە، ئیـــدی ئەگەر لەمەولا کتێبەکەت نەخوێندەوە، حبیری ســـەر کتێبەکە بەتەواوی دەسڕێتەوە و کتێبەکە دەبێتە دەفتەرێکی سپی.

بەڕێوەبەرانـــی چاپەمەنییـــە ئەرژەنتینییەکـــە دەڵێن، کتێبـــەکان لەڕیـــزی خۆڕاگرتریـــن ئامرازەکانن، گەلێك لەئێمـــە کتێب تەنیا بۆ جوانی و خۆهەڵکێشـــان دەکڕێ، ئەگینا قـــەت نایانخوێنینەوە، گەلێك جار هەبووە کتێبێك چەندین ســـاڵ یان چەند مانگێك لەچاوەڕوانیدا ماوەتەوە کەچی کەس نەیخوێندۆتەوە. بۆیە ئەو بیرۆکەمان داهێنا کە کتێبـــەکان پاش لێککردنەوەیان هەرکە ڕووناکیان بینی پاش دوومانگ بسڕێنەوە هەتا کتێبەکان بەبێ بایەخ سەیر نەکرێن.

# چەند زانیارییەک بۆ سوود وەرگرتنی زیاتر لە ئینتەرنێت؟



**بەشی چوارەم**

هەروەك لەسێ ژمارەی ڕابردوودا ئاماژەمان بەچەند ئەرك و فەرمانێك كردبوو كە لەنێوان پرۆگرامەكانی دۆزەرەوەی ئینتەرنێتدا هاوبەشن، ئێستاش لەم ژمارەیەدا چەند فەرمانێكی دیكەتان پێدەناسێنین كە بەهۆیەوە كارئاسانێكی زۆر دەكرێت لەكاتی چوونە ناو جیهانی ئینتەرنێتەوە.

Ctrl+L یا Alt+D یا F6: لەهەر شوێنێك لەلاپەڕەیەك بی ئەگەر ئەو دوگمانەی ئاماژەمان پێكرد دابگری، شریتی نووسینی ئەدرەسی سایت ئەكتیڤ دەبێت و دەتوانی سایتەكە بنووسی.

Ctrl+Enter: بەداگرتنی ئەو دوگمانە ئوتۆماتیكی پێشگری سایت واتە www و هەروەها پاشگری Com دەنووسرێت، واتە ئەگەر ویستت ئەدەرسی سایتێك بنووسی پێویست ناكات (www) و هەروەها com بنووسی.

Alt+Enter : ئەگەر ئەدەرسی سایتێكت نووسی و پاشان ئەو دوو دوگمەیە دابگری، ئەو ئەدرەسەی مەبەستتە لەلاپەڕەیەكی دیكەدا دەكرێتەوە.

Ctrl+K یا Ctrl+E: بۆكسی دۆزینەوەی دەستەواژە دەكاتەوەو دەتوانی ئەو وشە یا دەستەواژەیەی مەبەستتە بنووسی.

Ctrl+F یا F3: دۆزینەوەی دەستەواژەیەكی تایبەت لەلاپەڕەیەكدا.

Ctrl+H: لاپەڕەی history دەكاتەوەو دەتوانی لیستی تەواوی ئەو سایتانە ببینی كە لەم ڕۆژە و ڕۆژەكانی دیكەدا كردوتنەوە.

# گەمەیەکی کۆمپیوتەری سادە و سەرنج ڕاکێش



لەوەرزی هاویندا كە قوتابییەكان هەلێكیان لەبەردەستدایە بۆ حەسانەوە و خۆ ئامادەكردن بۆ وەرزێكی دیكەی خوێندن، یارییە كۆمپیوتەرەكان بۆ كرانەوەی هزری قوتابیان و بۆ خۆخەریككردن و كات بەسەربردن سوودیان هەیە، چونكە هەم كات بەسەربردنە و هەم فێربوون و خۆئامادەكردنە و كرانەوەی زەین و بیریانە. گەمە كۆمپیوتەرەكان بۆ هەموو تەمەنێك هەن و ئەو كەسەی یاری ئەلكترۆنی دەكات دەبێ ئاستی فیكری و یاریكردنی خۆی بزانێت، یەكێك لەم یارییانەی كە بۆ هەموو تەمەنێك دەگونجێت یاری Enkord totem tribe goldە، كە هەم لەباری گرافیكیەوە جێگای سەرنجە و هەم بابەتی یارییەكەش سادە و ساكارە. لەم یارییەدا چەندین نموونەی پازڵ هەیە، لەیارییەكەدا هەموو وەرزەكانی ساڵ هەن، هەروەها دۆزینەوەی ئەوەی كە شتە بزربووەكان لەكوێ هەڵكەوتوون بەشێكن لەو یارییە.

لەم یارییەدا دەبێ تاوەر و قەڵا دروست بكەی، ماڵ چێ بكەی، زێدەكردنی سەرباز بۆ شەڕ لەگەڵ دوژمنان و بوونی قۆناغی جۆراوجۆر. بەهۆی ئەوەی كە یارییەكە سەرنجڕاكێشە، ڕەنگە ماوەیەكی زۆر ئەوەی یارییەكە دەكات پێیەوە خەریك بێت.



# سایتێک کۆمپیوتەرەکەت دەکاتە مۆبایل



زۆر جاران مۆبایلەكەمان لەماڵ یا لەشوێنی دیكە جێدەهێڵین و ئاگاداری ئەو پێوەندی و كورتە پەیامانە نابین كە بۆمان دێن، بەڵام ئەگەر مۆبایلی هۆشمەندی جۆری ئەندرۆیدت هەبێت، دەتوانی لەسەر لاپتۆپەكەت ئەو كورتە پەیامانە ببینی و وەڵامیان دەیەوە كە بۆت دێن، هەروەها ئەو پێوەندییانە ببینی كە بۆ مۆبایلەكەت هاتوون.

بۆ ئەم مەبەستە لەسەرەتادا دەبێت ئەكاونتێكت هەبێت لەگوگڵ واتە Gmailت هەبێت، دواتر پرۆگرامی Mighty text لەخودی سایتەكە یا لەشوێنێكی دیكە دابەزێنە سەر مۆبایلە هۆشمەندەكەت و ئەكاونتی گوگڵت لەودا بكەوە و پاشان دوگمەی Complete setup لێبدە. دواتر هەر ئەو پرۆگرامە لەسەر كۆمپیوتەرەكەت دابەزێنە، ئێستا بەباشی دەتوانی لەكۆمپیوتەرەكەت یا مۆبایلەكەت كورتە پەیام بۆ مۆبایلەكەی خۆت بنێری.

# گوگڵ و
# بڵاوکردنەوەی ئامێری دەنگ و ڕەنگ



کۆمپانیای گوگڵ ماوەی چەند ساڵێکە سنووری کارو خزمەتگوزارییەکانی تەنیا لەسایتی گوگڵ و خزمەتگوزارییەکانی جیهانی ئینتەرنێت سنووردار نەکردووە، بگرە تەلەڤزیۆنی بەرهەم هێناوە و چاویلکەی دیجیتالی بەرهەم هێناوە کە هێڵی ئینتەرنێتی تێدایە و مۆبایلی بەرهەم هێناوە و لەم دواییەش ئامێرێکی نوێی بەناوی Nexus بەرهەم هێنا کە ئامێرێکە بۆ ستریمی دەنگ و ڕەنگ لەماڵەوە کە لەتەلەڤزیۆنی ماڵەوە پێوەند دەدرێت. ئامێری Nexus Q دەتوانێت فایلەکانی دەنگ یا وێنەیی لەڕێگای Google play یا یوتیوبەوە بڵاوبکاتەوە. Q دەتوانێت دەتوانێت فایلە ڤیدیۆییەکان بۆ سپیکەر یا تیڤی بنێرێت. بەشێك لەتایبەتمەندییەکانی ئەو ئامێرە ئەوانەن:

دەنگی سێ ڕەهەندی بۆ یارییە ئەلکترۆنییەکان، بۆ هەر ژوورێك کە مەبەستتە.

بوونی شوێنی کێبڵی نتیوۆرك، وای فای، بلوتوس و لەڕێگای ئامرازەکانی ئەندرۆیدی دیکەوە وەك تەبلێت و مۆبایل کۆنترۆڵ دەکرێت، هەروەها خاوەنی کێبڵی HDMIیە.



# هەر جارەو وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێزی بەشی ئایتی لە گۆڤارەکەمان پرسیارێکی ئاراستە کردووین و دەپرسێت، وەك بیستوومە دەڵێن کە بۆ هەڵگرتن و ئەرشیفکردن و ڕاگواستنی داتاکان لەسەر کۆمپیوتەر، باشترە CD یا DVD بەکار بێنن، چونکە ئەوانە ڤایرۆس هەڵناگرن، کەچی فلاش میمۆری وانییە و ڤایرۆس دەچێتە ناوی؟

خوێنەری بەڕێز لەسەرەتادا دەبێ ڤایرۆس بناسی، ڤایرۆس ئەو پرۆگرامە تێکدەرانەن کە لەئینتەرنێتدا بەمەبەستی تێکدانی کۆمپیوتەر و مەبەستی خراپکارانە بڵاودەکرێنەوە، لێکچوونی ڤایرۆسی کۆمپیوتەر لەگەڵ ئەو ڤایرۆسەی کە دەچێتە ناو جەستەی مرۆڤەوە ئەوەیە کە هەردووکیان لەخۆوە زیاد دەبن و لەماوەیەکی کەمدا پەرەدەسێنن... DVD و فلاش میمۆری و هەر ئامرازێکی دیکە کە بۆ گواستنەوەی داتاکان بێت، هیچ جیاوازییەکیان نییە و ڤایرۆس دزە دەکاتە ناو هەموو ئەوانە، بەڵام هەندێك فلاش میمۆری باشترن لەDVD چونکە خۆیان ئەنتی ڤایرۆسیان تێدایە و ئیزن نادەن ڤایرۆس بچێتە ناویان، هەروەها ئەگەری تێکچوون و زوو لەناوچوونی DVD زیاترە، ئەو دەنگۆیانەی کە دەڵێن DVD ڤایرۆس هەڵناگرێت و ڤایرۆس ناچێتە ناوێیەوە هیچ ئەساسێکی نییە.

# پرۆگرامێک بۆ چێکردنی وێنەی سەرنج ڕاکێش




پرۆگرامی Funny photo maker پرۆگرامێکە کە بەکارهێنانی ئاسانە و بۆ دروستکردنی وێنەی سەرنجڕاکێش و جوانە. بەهۆی ئەو ستایلانەی کە لەپرۆگرامەکەدا هەن دەتوانرێت بەئاسانی وێنەی کۆمێدی و کاریکارتێر لەهەر مەبەستێك دروست بکەی. بۆ نموونە گەر حەز دەکەی وێنەکەت لەسەر تۆپێك یان ناو پارەی وڵاتێك دابێت، پرۆگرامەکە بەچەند فەرمانێکی سادە ئەم ئەرکە ئەنجام دەدات.

کوالیتی بەرزی وێنەکان و ئاسان بەکارهێنانی پرۆگرامەکە لەتایبەتمەندییە گرنگەکانی پرۆگرامی ناوبراون. بوونی چەندین ئیفێکتی جوان، باکگراوندی سەرنجڕاکێش و هەروەها ڕێکخستنی فرێمەکان لەتایبەتمەندییەکانی دیکەی پرۆگرامەکەن.